# شیعری مۆدێرنی ئەمریکی



**ئێمیلی دیکنسۆن**

**و. لە ئینگلیزیەوە/ عەزیز ڕەئووف**

دیکنسۆن ژنە شاعیری ئەمریکی، لە 10ی دیسەمبەری 1830 لە Massachusetts لەدایک بووە. لەو ماڵەی کە لێی لەدایک بووە دیکنسۆن بە گۆشەگیری ژیانی بەسەر بردووە. تەنها کاتێکی کەم نەبێت پەیوەندی بە ئەکادیمیای ئامهێرست و ئەنستیتۆی هۆلیوك بۆ ئافرەتانەوە کردووە، ئیتر تا مردنی لە 15ی مایسی 1886 بەهۆی نەخۆشیەوە، دیکنسۆن سەرجەم ژیانی بە گۆشەگیری سەرف کردووە.

دیکنسۆن ئافرەتێکی تەواو ئەکتیڤ بووە، ئەو کاتانەی لە سێمینار و بواری ئەکادیمیدا کاری کردووە. لە دواتر و لە ناوەڕاستی بیستەکانی تەمەنیدا چووە ژیانی تەنیاییەوە و لە هەموو بوارە گشتیەکان خۆی دوور خستەوە. بۆیە دیکنسۆن سەرجەم ژیانی خۆی لەناو خێزانەکەی لەماڵەوە سەرف دەکات و کاتەکانی خۆی بۆ کاری ناوماڵ و نوسینی شیعر تەرخان دەکات.

زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان لەهەوڵی ئەوەدابوون کە لەو ڕاستیە تێبگەن کە بۆچی دیکنسۆن هەموو ژیانی لە تەنهایدا بەسەر برد و لەبارەی ئەزمونی ژیانی خۆی لەماڵەوە شیعری دەنوسی. دیکنسۆن چەند هاوڕێیەکی زۆر کەمی هەبوو کە ڕۆژانە دەیانبینی.

تۆماس هیگینسۆن یەکێك بوو لە هاوڕێکانی دیکنسۆن کە زۆرێك لە شیعرەکانی پاراستبوو. هەرچەندە هیگینسۆن شیعرەکانی بەدڵ نەبوو، بەڵام دوای مردنی دیکنسۆن، هەستا بە بڵاوکردنەوەیان، ئەمەش وەك وەفایەك بەرامبەر بە هاوڕێیەتیەکەیان.

دیکنسۆن لە ژیانیدا تەنها شەش یان حەوت قەسیدەی بڵاو کردەوە، کە ئەوانەش بە ئارەزووی خۆی نەبوو. بۆیە ژمارەی شیعرەکانی هەڵگری مشتومڕە، چونکە هەر قەسیدەیەکی زیاد لە جارێك چاپ کراوە. لە دوای مردنیەوە زیاتر قەسیدەکانی ڕوناکیان بینی. دیکنسۆن لەسەرو 1700 قەسیدەی نوسیوە، کە زیاتر لەداوی مردنی بڵاوکراونەتەوە.

**بێ نەخشە**

من هەرگیز چۆڵەوانیم نەبینیوە
من هەرگیز دەریام نەبینیوە
بەڵام دەزانم گوڵی دەشتەکی چۆنە
لە هەنگاوی شەپۆلیش تێدەگەم

من هەرگیز قسەم لەگەڵ خوادا نەکردووە
نەچوومەتە سەردانی بەهەشت
بەڵام دەزانم نیشانەیەکم
وەك ئەوەی نەخشەیان کێشابێتم

**هەورپۆش**

ئاسمان نزمە، هەورەکان لە ناوەڕاست
سەفەرێك هەیە بۆ کلوە بەفر
لە دورێیاندا تەویلەیەك یان بەرەو کەندرێك
مشتومڕ هەڵدەگرێ گەر ڕەخسا

نەرمە بایەك هەموو ڕۆژێك دەبۆڵێنێ
چۆن کەسێك بتوانێ سەوای بکات
سروشت وەك ئێمە هەندێ جار تێدەگات
بەبێ تاجی زێڕین

**کتێب**

هیچ کەشتیەك نیە هێندەکی کتێب
بمانگەیەنێتەوە دورگەیەك
هیچ ئەسپێك نیە وەك لاپەڕە
بچێتە سەر پاشوی شیعر
ئەم هاتوو چوونە بێمانایە
پەستبوونی باجی ڕێگا
چۆن ئەم گالیسکەیە گیر دەبێت
بەبێ دەربردەی ڕۆحی مرۆڤ.

......................

American Modern Poetry 1983